# سوپاسنامەیەک بۆ سەرۆک مام جەلال لە (هوو جین تاو) سەرۆکی پێشووی چین-ەوە

نووسینگەی فەخامەتی سەرۆک کۆمار سوپاسنامەیەکی بە دەست گەیشت کە ئاڕاستەی سەرۆک مام جەلال کراوە لە لایەن (هوو جینتاو) سەرۆک کۆماری پێشوی چینەوە بە بۆنەی کۆتاییهاتنی کۆماری گەلی چین، ئەمەش دەقی سوپاسنامەکەیە:

**سەرۆک کۆماری عیراق**
**فەخامەتی جەلال تاڵەبانی بەڕێز**

بەبۆنەی جێهێشتنی پۆستی سەرۆک کۆماری گەلی چینەوە، خۆشحاڵ دەبم گەرمترین سوپاس پێشکەش بکەم بەفەخامەتی بەڕێزتان بۆ ئەو هەوڵانەتان بەئامانجی بەرەوپێشبردنی گەشەکردنی هاریکاریی دۆستانە لەنێوان چین و عیراق لەو ماوەیەی کە لەپۆستی سەرۆکایەتیدا بووم.

چین و عیراق گەشەسەندنێکی ڕێکوپێکی لەپەیوەندییە دووقۆڵییەکان و ئاڵوگۆڕێکی گەورەی لەبوارە سیاسییەکاندا بەخۆوە بینیووە، لەماوەی دە ساڵی ڕابردووشدا ئاستی هاریکاریی ئابوورییی و بازرگانیی بەبەردەوامیی لە نەشونەما هەڵکشاندا بووە، پەیوەندییەکی باش و هاوڕێیەتییەکی دۆستانەش لەئاستی کەسێتیی لەنێواناندا دروست بوو.

چین شانازییەکی زۆر دەکات بەو دۆستایەتییە ئاساییەی لەگەڵ عیراقدا هەیەتی، خوازیاریشە پەرەبدات بەپەیوەندیی هاریکاریی دۆستانەی نێوان هەردوو وڵات لەهەموو بوارەکاندا گەشەیان پێبدات، دڵنیام لەسایەی هەوڵ و کۆششی هاوبەشی هەردوو وڵات نێوانی هەردوو وڵات گەشەسەندنی نوێ بەبەردەوامی بە دەست دێنێت بەو جۆرەی خزمەتی بەڕژەوەندییەکانی هەردوو گەل و وڵات دەکات.

داوای پێشکەوتن و پەرەسەندنی بەردەوام دەکەم بۆ وڵات و گەلەکەتان، بۆ فەخامەتیشتان داوای هەرچی زووتر چاکبوونەوەو سەرکەوتنی بەردەوام دەکەم.

**هوو جینتاو**
**سەرۆک کۆماری گەلی چین**

## لەدیاربەکرەوە تا ئەنقەرە

# هیواکانی مام جەلال دێنەدی

••• درێژەی ل١

هەر سەبارەت بەنامەکەی مام جەلال بۆ ئۆجەلان مومتاز حەیدەری سەرنووسەری گۆڤاری (k٢١) دەڵێت: نامەکە مانای نیشانەی قۆڵ ودڵسۆزانەی زۆر لەخۆدەگرێت، بە بەڵگەنامەیەکی زۆر گرنگ دادەنرێت، وەک سەرچاوەیەکی ئەمین بۆ ڕۆڵ و هەڵوێستی مام جەلال سەبارەت بەبزوتنەوەی ڕزگاری خوازی کورد لەسەر ئاستی کوردستانی گەورە.

کوردستانی نوێ وەک یەکەمین ڕۆژنامەی ڕۆژنامەی دوای ڕابەڕینی کوردستان، بەئەرشیفێکی گرنگی خەباتی ڕزگاری خوازی گەلی کوردستان دادەنرێت بەکوردستانی باکووریشەوە بۆیە لەماوەی ڕۆژانی (١٥،١ ،٣١،٣٠،٢٨،٢٢،٢١،١٩،١٧،١٦،٦،٣/١٩٩٣) ڕۆژانە هەواڵ و ڕاپۆرتی لەسەر ئەو پرسە گرنگەی وێستگەی یەکەمی هەواڵی ئاشتی بڵاوکردۆتەوە کە ئەو هەواڵ و زانیارییانە بۆ وێستگەکانی خەباتی دیپلۆماسی گەلی کوردستان بایەخی خۆی دەبێت لای مێژوونووسان.

ئەوەتا ڕۆژی ١٩٩٣/٣/١٥ لەژمارە ٣٤١دا نووسیوویەتی: (شیاوی وتنە ئەم هەواڵانە دوایەدوای هەواڵی ئەو کۆبوونەوانە دێن کە هەڤاڵ مام جەلال سکرتێری گشتی ی.ن.ک لەشام لەگەڵ عەبدوڵڵا ئۆجەلان سەرۆکی پەکەکە کردوونی، هەروەها ئاژانسەکان وا ڕادەگەیەنن کە جەلال تاڵەبانی خەریکی سازکردنی فەزائێکی گونجاوە بۆ ئەوەی ئاوبژیانی نێوان پەکەکە و حکومەتی تورکیا بکات).

لەڕۆژی ١٩٩٣/٣/٢١ی ژمارە ٣٤٦شدا نامەی مام جەلال کە بۆ تورگۆت ئۆزالی ناردووە، سەبارەت بەڕاگەیاندنی ئاگربەست لەلایەن ئۆجەلانەوە بڵاوکردۆتەوە، بەڕێز سەرۆک ئۆزال:

بەپێویستیشم زانی کە ئەو خاڵە تایبەتیانەی خوارەوە بۆ بەڕێزتان بخەمەڕوو:

یەکەم: چاوم لە بەڕێز عەبدوڵڵا ئۆجەلان کەوت و بەیەکەوە هەموو مەسەلەکانمان خستەڕوو و بەتێرو تەسەلی گفتوگۆمان لەسەر کردن، هەروەها ئەو پێشنیازانەی خۆشم پێڕاگەیاند کەلای هەمووان ئاشکرایەو پێشوترییش بە بەڕێزتانم ڕاگەیاندبوو، بەڵام ئەوەبوو عەبدوڵڵا ئۆجەلان ئەو کاتە ڕەتیکردەوەو ئەو هەڵەی لەدەست دا.

دوای ئەوەش لەگەڵ ئۆجەلان لەمبارەیەوە کەوتینە گلەیی و گازندە لەیەکتر کردن.

دووەم: عەبدوڵڵا ئۆجەلان بەبۆنەی سەری ساڵی کوردییەوە ڕەزامەندی خۆی نیشاندا کە بەشێوەی ڕوون و ئاشکرا بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن بدوێ.

سەرۆکی بەڕێز:

ئەگەر سیاسەتی تازەی عەبدوڵڵا ئۆجەلان-تان پەسەندکرد، ئەوا من ئامادەیی تەواوم هەیە کەخزمەت بەگەلی تورکی خۆشەویست بگەیەنم لەپێناوی دابینکردنی تەبایی لەنێوان هەردوو گەلی کورد و تورکدا، کە پەیوەندییەکی مێژوویی بەیەکیانەوە دەبەستێتەوە.

جگە لەمەین و بەپێی دیپلۆماسی و هەوڵی ژێریەژێرکە وردەکاریەکەی و دیکۆمێنتکردنی بۆ کاتی خۆی هەڵگیراوەو بڵاودەکرێتەوە.

**سەرۆک مام جەلال: براکەم ئەردۆگان کێشەی کورد چارەسەر بکە و ئاشتی بۆ شاخەکان بێنە**

سەرۆک مام جەلال هەوڵی دوولایەنەی بۆ ئاشتبداوە لەگەڵ پەکەکەو لەگەڵ ئەنقەرەش، لەپەیامی سەرۆک تاڵەبانی لەڕێی ڕۆژنامەنووس حەسەن جەمال-ەوە بۆ ئەردۆگان لەڕۆژنامەی میللیەت، و کوردستانی نوێ-ش ڕۆژی ٢٠١٢/١١/١٨ بڵاویکردووەتەوە سەرۆک تاڵەبانی دەڵێت: (براکەم ئەردۆگان کێشەی کورد چارەسەر بکە و ئاشتی بۆ شاخەکان بێنە .. ئیتر کاتی شاخ ئەماوە، کاتی سیاسەت کردنە لەژێرچەتری پەرلەمانی هەڵبژێردراوان بەدەنگی خەڵک ... برا خۆشەویستەکەم لەگەڵ ئەوەی کە چارەسەرکردنی کێشەی کورد هەم بۆ تورکیا وهەم بۆ ناوچەکە دەبێتە مایەی سەقامگیری، هاوکات چۆنیەتی چارەسەر کردنی پرسی دیموکراسی کوردستان و بەرە بەرە، پار بۆ یەکمینجاریش داوای ئازاد کردنی بەڕێز تۆجەلانیشی وەکو هێمای ڕابەری دیاری خەباتی دیموکراسی باکوری کوردستان کرد).

تورکوت ئۆزال

ئەردۆگان

### مام جەلال ئەندازیاری ئەم گفتوگۆیەیە

هەر سەبارەت بەڕۆڵی مێژوویی سەرۆک تاڵەبانی وەک ئەخشەکێشی گفتوگۆی نێوان پەکەکەو کۆماری تورکیا، مەلا بەختیار لێپرسراوی دەستەی کارگێڕی مەکتەبی سیاسی بەکوردستانی نوێ-ی بینیوە، چونکە دەوڵەت ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئیمرالی کەوتە پەیوەندیی، نووسەری تورک و دۆستی دێرینی گەلی کورد جەنگیز چاندار دەڵێت: چەندینجار لە مام جەلال-م بیستووە بەهاوتا تورکەکانی دەوت دانوستان لەگەڵ ئۆجەلان-دا مەسەلەکە زووتر بەرەو چارەسەر دەبات. (دیداری چاندار لەگەڵ کوردستانی نوێ لەڕۆژی ٢٠١٣/٣/٤).

### محەمەد ئەمین پێنجوێنی: گەر مام جەلال لێرە بووایە ئۆجەلان نامەکەی بۆ ئەو دەنارد

محەمەد ئەمین پێنجوێنی شارەزا لەکاروباری پەکەکەو تورکیا لەبارەی هەوڵەکانی سەرۆک مام جەلال-ەوە وتی: ڕۆڵی مام جەلال ڕۆڵێکی مێژوویی و کاریگەر بووە، من ئاگادارم کە مام جەلال ١٣ ساڵە بە تەنسیق لەگەڵ سەرکردایەتیی پەکەکە خەریکە، وتیشی: بەداخەوە کە ئێستا مام جەلال لێرە نییە، ئەو نامەیەی کە ئۆجەلان ناردی بۆ قەندیل و بۆ ئەوروپاو بۆ بەدەپە، ئەگەر مام جەلال لە نەخۆشخانە نەبووایە، پێش هەموویان دەیناردبو بۆ مام جەلال بۆ ئەوەی تێبینی خۆی لەسەر پێشنیازو نامەکە دیاری بکات و بۆی بنێرێتەوە بۆ ئیمرالی، چونکە ڕۆڵی مام جەلال کاریگەرە.

### پەکەکە: تاڵەبانی وەک سەرکردەیەکی نەتەوەیی هەمیشە ڕۆڵی ناوبژیوانی گێڕاوە

پارتی کرێکاری کوردستان "پەکەکە" هەوڵەکانی سەرۆک مام جەلال بەرزدەنرخێنێت بۆ ناوبژیوانیکردن و هەوڵدان بۆ کۆتاییهاتنی شەڕی نێوان گەریلاو دەوڵەتی تورکیا، سەرکردەکانی پەکەکە ڕوونیدەکەنەوە کە (تاڵەبانی وەک سەرکردەیەکی نەتەوەیی هەمیشە ڕۆڵی گێڕاوە بۆ بەرقەراربوونی ئاشتی بەتایبەت لەدوای ساڵی ١٩٩٣ەوە).

خەبات هەولێری ئەندامی کۆنسەی بەڕێوەبەری کۆما جڤاکی کوردستان لەخوای گەورە داواکاربوو کە مام جەلال سەرۆک کۆماری عیراق ئەو سیاسەتەمەدارە بەئەزموون و بەتوانایەی کە هەموو تەمەنی خۆی لەخزمەتی نەتەوەی کوردا بووە بەزووترین کات بگەڕێتەوە ناو گەلەکەی، چونکە لەم قۆناغە هەستیارەی ئێستای کوردستاندا ڕۆڵ و ئامادەیی زۆر پێویستە.

ئازاد جندیانی وتەبێژی مەکتەبی سیاسیی پەکێتی هەوڵەکانی سەرۆک مام جەلال-ی لەو پێناوەدا بەستراتیژی هەڵدەسەنگێنێت و دەڵێت: (سەرۆک مام جەلال بیست ساڵە بۆ چارەسەری ئاشتیانەی پرسی کورد لەتورکیا هەوڵ دەدا، ئەمەش سیاسەتێکی ئەگێڕی پەکێتییە).

بایەخدانی سەرۆک تاڵەبانی بەم پرسە هەم بایەخدانێکە بەئاشتی لە کوردستانی باکوور و پەرەسەندنی دیموکراسیی و هەم بایەخدانە بەدراوسێیەتی تورکیایەکی دیموکراسی و هەم دیدێکی ستراتیژییە، چونکە دەمێکە مام جەلال کوردستانی باکووری وەک میسری کوردان ئاساندووەو تەنانەت لەئەدەبیاتی پەکێتی لەشۆڕشی نوێدا کتێبی (گفتوگۆی شۆڕش لەگەڵ میری) ڕوونیدەکاتەوە تا مەسەلەی کورد لەباکوور گەشەنەکات، کێشەی کوردستانی عیراق لەجوارچێوەی گفتوگۆو خەباتی پێشمەرگەدا دەمێنێتەوە.

کوردستانی نوێ-ش هەمیشە بایەخی بەپرسی کوردو پرۆسەی ئاشتی لەتورکیا داوە

دەنگی زیاتری سەر سندوقەکانیش بەتۆ دەبەخشێت).

پەیامەکەی مەکتەبی سیاسی لەڕۆژی ٢٠١٣/٣/٢٢، پێداچوونەوەیەک بۆ هەوڵەکانی مام جەلال دەکات (دوای ئەوەی لەسەردەمی خوالێخۆشبوو تورگۆت ئۆزالی سەرۆک کۆماری پێشووتری تورکیاوە، جەنابی مام جەلال سەرەتای هەوڵەکانی پرۆسەی ئاشتی، بۆ چارەسەر کردنی دیموکراسییانەی کێشەی کورد دەست پێکرد، ئەوەتانێ لەسەردەمی حکومەتی ئاک پارتی-شدا، بەسەرۆکایەتی دەوڵەتمەداری ئێستای تورکیا جەنابی (ڕەجەب تەیب ئەردۆگان)، مام جەلال هەوڵە ئاشکراو نهێنیەکانی گیاندە نووسینی ئەخشە ڕێگایەکی سیاسی وت تورکەکان (خۆیان وا دەڵێن، دەوڵەتی تورکیا وا دەڵێت، دەڵێ پەیوەندی عیراق و تورکیا جەنابی مام جەلال ئەندازیاری بوو، ئەم گفتوگۆیەش لەنێوان پەکەکەو کۆماری تورکیا لەسەردەمی تورگۆت ئۆزاڵ-دە یەکەمین کەس جەنابی مام جەلال ئەخشەکێشی بوو، خۆیان وادەڵێن).

### چاندار: چەندینجار لە مام جەلال-م بیستووە بەهاوتا تورکەکانی دەوت دانوستان لەگەڵ ئۆجەلان-دا مەسەلەکە زووتر بەرەو چارەسەر دەبات

پرۆسەی ئاشتی لەم وێستگەیەی ئەوڕۆژی ٢٠١٣دا وێستگەیەکی بەگرووتینی بەخۆیەوە

## لەدەروەدی هۆڵی پەرلەمان

# من و کچەکەمو هەڵبژاردن

**سۆزان شەهاب شێخ نوری**

لەمیانەی گفتوگۆیەکی ڕۆژانەی خۆم و کچەکەمدا هەستم کرد زۆر تووڕەیە، تووڕەبونەکەشی لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە هیچ جۆرێک لەمتمانە بەئایندەو بەدیموکراسی بەدیناکات لەو وڵاتەی کە هەر لەمندالییەوە من و باوکی لەخەیاڵدانی ئەودا دروستمان کردووە، ئەو گەنچێکە لەنەوروپادا گەورە بووەو لەگەڵ بنەماکانی دیموکراسیی لەو وڵاتەدا پەروەردە بووە، ئێستاش هاتۆتەوە دەبەویێت لێرە بەهەمان شێوەی ئەوێ ئەو بنەمایانە ببینێت و هەستی پێبکات، ڕۆژانە زۆر پرسیاری سەرنج ئامێزم لێدەکات و منیش هەوڵ دەدەم بەسادەیی وەڵامی بدەمەوە، بەڵام ئەو وەڵامە سادەکانی منی بە دڵ نییە، ئەو دەبەویێت وەڵامێکی قەناعەت پێکەری دەست بکەوێت، کە لەلای من دەستی ناکەوێت پەنا دەباتە بەر باوکی بۆ ئەوەی وەڵامی بداتەوە ئەویش بەهەمان شێوەی من دەبەویێت وێنە جوانەکەی کوردستان و ژیان لەکوردستاندا بچەسپێنێت و بێ ئومێدی نەکات، یەکێک لەو پرسیارانەی کە ئەم هەفتەیە لە منی کردو هەرچەندە هەوڵمدا قەناعەتی پێبکەم، بەڵام وابزانم زۆر سەرکەوتوو نەبووم، ئەویش وتی: (دایە کەی هەڵبژاردن دەکرێت لەکوردستان؟)، منیش لەوەڵامدا وتم: بەپێی یاسا دەبێت لە ٩/١٠ تێبەڕ نەکات، ئەویش لەوەڵامدا وتی: (دیارە ڕۆژێکە دیار نییە وەک ئەوەی کە لەهۆڵەندا هەیە دەبێت چوار ساڵ جارێک بێت؟ ئەم پرۆسەیە میکانیزمێکی هەیە کەخۆی لەوادەیەکی دیاریکراودا دەبینێتەوە) منیش ویستم لەکورتی ببیرێنمەوەو وتم: نا ، ئەو( نا) یە بەس بوو بۆ ئەوەی گفتوگۆیەکی زۆر دوورو درێژ لەنێواناندا بێتە ئاراوە، هەرچەندە ویستم (نا) کە بەشێوەیەکی زۆر ساکار بۆ شی بکەمەوە بەڵام بەخوا بەینی خۆمان بێت سوودی نەبوو، هەڵبژاردن لەکاتی خۆیدا لای ئەو یەکێکە لەکۆلەکەکانی دیموکراسی، نابێت لەژێر هەر پاساوێکدا بێت دوابخرێت، ئەمەش قەناعەتی ئەوەو من ناتوانم بەپێچەوانەی ئەوەوە بڵێم وا نییە، هەرچەندە وتم دەستوورمان نییە هەتا ئەمەی تێدا چەسپابێت، بەڵام خۆم خستە گێژاوێکی تری پرسیارەکانیەوە کە چۆن دەبێت ئێمە هەتا ئێستا دەستوورمان نەبێت کە تێیدا وادەی هەڵبژاردنەکان و ماف و ئەرکی دەوڵەت و داوودەزگاکانی و مافەکانی تاک و مافەکانی ژن و منداڵی تێدا دیاری کرابێت؟ کورتەی گفتوگۆکانمان بەتووڕەبوونێکی ئەو کۆتایی هات و منیش لە دوای ئەو گفتوگۆیە هەر لەبیرکردنەوەی قسەکانی ئەودا مامەوە، بەپێی یاسا کارپێکراوەکانی هەرێمی کوردستان دەبێت هەڵبژاردن لەوادەی خۆیداو لەمێژووی یەکەم دانیشتنی پەرلەماندا کە لە ساڵی ٢٠٠٩ کرا دەبێت هەڵبژاردن بکرێت، ئامادەکاریی بۆ هەڵبژاردن بەپێی کارە هونەرییەکانی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان پێویستی بە ٦ مانگ هەیە، ئێمە ئێستا لەمانگی ئازاراین، بەو پێیە بێت دەبێت ئێستا وادەی هەڵبژاردنەکان ڕابگەیەنرێت، کەچی هەتا ئێستا دەنگی نییە، هەموو پارتە سیاسییەکان باس لەوە دەکەن کە دەبێت هەڵبژاردنەکان لەوادەی خۆیدا ئەنجام بدرێت، کەچی ئەم وادەیە هێشتا دیار نییە، هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان ناڕاستەوخۆ دەستپێکردووە لەسەر لایەڕەی ڕۆژنامەکان و هێشتا وادەکەی دیارینەکراوە، بێ لەوەی ئەگەر گۆڕانکاریی بکرێت لەیاسای هەڵبژاردنەکان دەبێت حکومەت هەموارکردنەکە بنێرێتە پەرلەمان بۆئەوەی پەسەند بکرێت، ئەمانەو دەیەها ئامادەکاریی تر کە خۆی لە لیستی جیا یان پێکەوەیی لایەنەکان ماوە ڕابگەیەنرێت، ئەرێ بەڕاست لەکۆتاییدا خەریکە منیش وەک کچەکەم ئەکەومە گومانەوە، ئایا هەڵبژاردن لەوادەی خۆیدا ئەنجام ئەدرێت یان نا؟

## دریژە | ئاشتی شین لە ئەستانبول

کێشە سیاسییەکە دروستکراوی دەستی بەنی بەشەرە، دەنا خواو سروشتی دابینکراوی دەستی وەختێک ئاو و خاک و دارو درەختیان بەسەر جوگرافیای زەویدا دابەشکرد عادیلانە و بەگوێرەی پێویستی هاوسەنگی سروشت دابەشیان کرد، ئەوە دەوڵەتان و مرۆڤەکان کە بەربەستی سیاسییان خۆڵقاندو ئاویان وەکو هەموو سەروەت و سامانەکان بەگوێرەی قەوارە و بەرژەوەندییەکانی خۆیان تێکوپێکدا.

دابەشکردنێکی وا ئەم هەموو کێشانەی خۆڵقاندووە کە نها دەخوازرێت بە کۆنفرانس و دیپلۆماسی شین تەداروکی چارەسەری بۆ بکرێت.